# ڤاندالیزمی زمانیی و کاریگەریی لە سەر کەلتوری کوردیی

## (ناوەندەکانی خوێندن بەنموونە)

د.هێرش کەریم حەمید
hersh.kerim@gmail.com
وەزارەتی پەروەردە
ب. گشتیی پەروەردەی گەرمیان

د.پێشکەوت مەجید محەمەد
garmian.edu.krd@Peshkawt.majed
وەزارەتی پەروەردە
ب. گشتیی پەروەردەی گەرمیان

د.هیوا غەفار عەلی
hiwaxafar@gmail.com
وەزارەتی پەروەردە
ب. مەشق و ڕاهێنانی گەرمیان

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە:**

ڤاندالیزم دیاردەیەکی ناپەسەندی جیهانییە، کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی و کەلتورییە، کە بە واتای تێکدان و دەستدرێژیکردنەسەر موڵکی گشتیی دێت، یەکێك لەبەربڵاوترین جۆرەکانی، ڤاندالیزمی گرافیتی/زمانییە، کە هەموو ئەو نوسراو و هێما و ڕەمزانە دەگرێتەوە، کە هەڵگری پەیامی جۆراوجۆرن و لە سەر دیواری شوێنە گشتیی و تایبەتییەکان دەنووسرێت، ئەمەش لە لایەکەوە نیگەرانی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و پەروەدەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لە لایەکی تریشەوە زیان بە شوێنانە دەگەیەنێت و ژینگەیان دەشێوێنێت، هاوکات هۆی ڕەچاونەکردن و بەزاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان، کاریگەریی لە سەر کەلتور و شوناسی تاك بە تایبەتی و کۆمەڵگا بەگشتی دروستدەکەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان دەخەنە مەترسییەوە. شێواندن و تێکدانی دیواری ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی ڕوونی ئەم دیاردەیەیە. لە توێژینەوەکەدا بە پشتبەستن بە ڕێبازی (پەسنیی)، سێ تەمەن و قۆناغی جیاوازی خوێندن (بنەڕەتی و ئامادەیی و زانکۆیی) لە هەرێمی کوردستان/ شاری کەلار دیاریکراون و بە شێوەی مەیدانیی لەلایەن توێژەرانەوە (744) نووسینی سەردیوار تۆمارکراوە، کە (109) نووسینی هی قۆناغی بنەڕەتییە (6 بۆ 9) و (398) هی قۆناغی ئامادەییە (10 بۆ 12) و (237) هی قۆناغی زانکۆییە)، لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە بیرکردنەوە و حەز و ئارەزوو و تێروانین بۆ ژیان و...هتد و پاڵنەرەکانی دیوارنووسین شیکراوتەوە، هەروەها شیکردنەوە بۆ پەیوەندیی نێوان ڤاندالیزمی زمانیی و کەلتور کراوە و کاریگەرییان لە سەر یەکتری خستووەتەڕوو.

ئەنجامەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لە نێوان هەستی بێزاریی و نەفرەت و کێشە کۆمەڵایەتیی و دەرونیی و ئابوورییەکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی لە لایەك و ڤاندالیزم لە لایەکی ترەوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و ئاستی خوێندندا نیگەرانییە هزرییەکان دەگۆڕێت و جۆر و ناوەڕۆکی نووسینەکانیش گۆڕانی بەسەردادێت.

**وشە کلیلییەکان**: ڤاندالیزم، ڤاندالیزمی گرافیتی، زمان، کەلتور

**پێشەکی:**

توێژینەوەکە (ڤاندالیزمی زمانیی و کاریگەریی لە سەر کەلتوری کوردیی) تیشك دەخاتە سەر دیاردەی ڤادالیزمی زمانیی، وەکو یەکێك لە بەکارهێنانە زمانییەکان و ڕۆل و کاریگەریی لە سەر کەلتور و شوناس، بۆ خستنەڕووی ئاستی کاریگەریی و پەیوەندیی نێوانیان، ناوەندەکانی خوێندن بە نموونە وەرگیراوە، چونکە ژینگەی ناوەندەکانی خوێندن زۆرترین کاریگەریی و زیانی لەم ڕووەوە بەرکەوتووە. لە ئەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی پەیبردن بە ئاستی رۆشنبیریی و کەلتوریی و تێگەیشتوویی و لایەنی دەروونی و هەستەکانی خوێندکار، دیاردەی تێکدانی موڵکی گشتیی و نووسینی سەر دیوار لە ناوەندەکانی خوێندن خراوەتەڕوو، بۆ ئەمەش سێ تەمەن و قۆناغی جیاوازی خوێندکار ( بەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێوە) وەرگیراون، بە مەبەستی خستنەڕووی پەیوەندی نێوان ڤاندالیزمی زمایی و کەلتوور و کاریگەرییان لە سەر یەکتر، وێڕای ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی گرافیتی و نیشاندانی جۆر و شێوەکانی گرافیتیی لەلایەن خوێندکارانی هەرسێ قۆناغەکەوە، هەروەها سەرجەم ئەو بابەتانە دیاریکراون، کە لە سەر دیوارەکان نووسراون، بە پێی جۆرەکانیان سەرەڕایی نموونەی دەربڕاوەکان، ڕێژەی بەکارهێنایان بە پێی تەمەن و قۆناغە جیاوازەکان خراوەتەڕوو. لە سەر ئەم بنەمایە گریمانەی توێژینەوەکە بریتییە لەوەی کە سەرباری لێکچوون لە نێوان ناوەڕۆکی نووسینەکاندا، بەڵام لە ڕووی چەندێتییەوە ناوەڕۆکی نووسینەکان بە پێی قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، هەروەها هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی تایبەت بە دیاردەکەش بدرێتەوە:

1- ئایا پەیوەندی واتایی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە نێوان نووسینەکانی هەر سێ قۆناغی (بنەڕەتی، ئامادەیی و زانکۆیی)دا هەیە؟
2- ئایا ڕێژەی نووسینەکانی هەرسێ قۆناغی (بنەڕەتی، ئامادەیی و زانکۆیی) لە یەکتری جیاوازن یان نا؟
3- ئایا لەمکاتەدا چ کەلتوور و بیرکردنەوە و ناوەڕۆکێك و هزرێك، ئاوەزی خوێندکارانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە؟
4- ئایا جیاوازیی تەمەن و ئاستی خوێندەواری چ ڕۆڵێکی لە پەنابردن بۆ ئەم دیاردەیە هەیە؟

لە توێژینەوەکەدا بە ڕێبازی پەسنی داتا کۆکراوەکان شیکراوەتەوە و ڕێژەی هەریەك لە بابەتە جیاوازەکانی دیوارنووسین خراوەتەڕوو. لە سەر ئەم بنەمایە دەکرێت دەرەنجامە بەدەستهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە و ئەو پێشنیازانەی بۆ کەمکردنەوەی دیاریدەکە دەخرێنەڕوو، سود بگەیێنێت بە زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندن و خوێندکاران و هەموو ئەو بەش و دەزگایانەی، کە کار لە سەر بابەتە کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی و دەروونییەکان دەکەن، بە تایبەت هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لە سەر تاك و کۆمەڵ.

### 1) چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە:

پیشەسازییبوونی کۆمەڵگا و گەشەی شارنشینیی و دیاردەی بەجیهانیبوون، هۆکاری سەرهەڵدانی تاکگەرایی و هەستکردن بە بێگانەبوونی لای تاك دروستکردووە، ئەمەش ویستی تاکی بۆ کەوتنەپێشچاو بەهێزکردووە و دەیەوێت بە هەرجۆرێك بێت لەبەر دیدی هەمووان بێت و بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆی بسەلمێنێت، بۆیە لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا ئەگەر تاك بتوانێت بەشێوەیەکی ئەرێنیی خۆی بسەلمێنێت بەشدارییکردنی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگا زیاددەکات، بەپێچەوانەوە ڕەنگە دووچاری شڵەژانی دەروونیی بێت و هەست بە نامۆبوون بکات و بۆ کەوتنەبەرچاو دەستبداتە ئەنجامدانی کارگەلێك، کە هەم زیانی بۆ خۆی هەبێت هەم بۆ دەوروبەر، لەم نێوەندەدا تێکدان و زیانگەیاندن بە موڵکی گشتیی و ڤاندالیزم بە شێوە گشتییەکەی، یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتیی و کەلتورییەکان. لێکۆڵەران

سەرچاوەی ئەم جۆرە کارانە بۆ نایەکسانیی کۆمەڵایەتیی و بە سوك تەماشاکردنی زیادەڕۆییانە و سیستەمی هەڵەی پەروەردە و فێرکردن دەگەڕێننەوە (رفیعپور، 1377: 394). دۆرکهایم (1995) وەکو بونیادنەر و ڕابەری تیۆرییەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی لەو باوەڕەدایە هاوسۆزیی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵدا پێوەری سەرەکییە بۆ بە گرنگ سەیرکردن و پابەندبوون بە بەها باڵا کۆمەڵایەتییەکان و دووریی لە رەفتاری ناپەسەندەکان و ناهاوسۆزیی نێوان تاکەکان و ڕووکردنە کاری تێکدەرانە و توندڕەوانە (میناآباد و علیمحمدی، 1398: 10). یەکێك لەو کارە ناپەسەند و تێکدەرانەی، کە نیگەرانی کۆمەڵایەتیی و پەروەدەیی بەدوای خۆیدا هێناوە و ئەنجامدانی زیانی بە کۆمەڵگا و موڵك و سەرمایەی گشتیی گەیاندووە، ڤاندالیزمی گرافیتیی یان نووسینی سەر دیوارە لە ناوەندەکانی خوێندندا، کە کۆنترۆڵ نەکردنی، دەرەنجامی نەرێنیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و سەرباری زیانگەیاندن بە موڵکی گشتیی، زیان بە ڕەوتی پەروەردە و فێرکردنیش دەگەیەنێت و تێکدانی دەروونیی لای خوێندکاران بە شێوەیەکی گشتیی بەدوادا دێت.

دیاردەی گرافیتی پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و مێژووەکەی بۆ شارستانیەتی فیرعەون دەگەڕێتەوە؛ کاتێك فیرعەونەکان ڕۆژانە ڕووداوە چارەنووسسازەکانیان و دەقە ئاینییەکانیان لەسەر تەختەی بەرد و دیواری پەرستگا و گۆڕەکان، لە شێوەی نووسینی وێنەییدا تۆماردەکرد، ئەمەش وەکو بەڵگە یارمەتی توێژەران و شوێنەوارناسانی هاوچەرخی دەدا بۆ ئەوەی مێژووی سەردەمی فیرعەونەکان بزانن. گرافیتی وەک تۆماری مێژوویی بەکارهاتووە، ڕەوتی ڕووداوە گرنگەکانی شارستانییەتەکان بەڵگە دەکات، وەک شارستانیەتی فیرعەونیی و یۆنانیی و ڕۆمانیی، هەروەها لەلایەن مرۆڤی سەرەتاییەوە لە ئەشکەوتەکانی (ئەلتامیرا) لە فەرەنسا بەکارهێنراوە؛ بە ئامانجی بەڵگەنامەکردنی ئەو ڕووداوانەی، کە لە ماوەی دیاریکراودا ئەزموونی کردووە (الشهری، ٢٠٠٣، ٥). وەکو زاراوەش، وشەی گرافیتی (Graffiti) کە بەرامبەر بە دیوار نووسیینە، ڕیشەکەی لە (گرافیو)ی ئیتالییەوە وەرگیراوە و بە واتای تاشین یان ڕوشاندن و خەتخەتیکردن دێت (تحریریان و مرادی مقدم، 1393: 194). ڕیشەی ئەم وشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ گرافایر (نووسین بە قەڵەمی فلزیی) لە زمانی لاتینی (زندی، 1393: 340)، گرافیتی لە فۆرمی سەرەتایی خۆیدا لە سەدەی هەژدەیەم لە قاڵبی تاشین و ڕوشاندنی سەر شووشە یان سودوەرگرتن لە ئەڵماس بەکارهاتووە (تحریریان و مرادی مقدم، 1393). لەم بارەیەوە (بلالی و هاوکارانی) دەڵێن، ڤاندالیزمی گرافیتی لە زمانی لاتیندا ئاماژەیە بۆ ئەو نووسینانەی، کە لە سەر دیواری پەرستگا و شوێنە گشتییەکان بە شێوەیەکی ناشرین دەنووسرێت (بلالی و هاوکارانی، 1392: 526). بەکارهێنانیشی لە زمانی ئینگلیزیدا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکردووە، بۆ ئاماژەکردن بەو نووسراوانەی، کە لەسەر گۆزە و دیوار و بەردەکان لە یۆنان و ڕۆما دۆزراونەتەوە، لە سەردەمی نوێشدا بەکارهێنراوە بۆ هەموو جۆرەکانی نەخشاندن و وێنەکێشان و نووسین لەسەر دیوارەکان بە ڕێگەی نایاسایی (Glaves& Chilvers, 2013: 18). بەرهەمی گرافیتی بە پێی جیاوازیی هۆکاری سەرهەڵدان و توانای بەرقەرارکردنی پەیوەندی دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

یەکەم: نووسینی ئاسایی، کە بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێك دەنووسرێت و ڕەهەندیی هونەریی تێدا نییە.

دووەم: جۆرێك لە وێنەکێشان، کە پەیرەوی لە تەکنیك و شێوازی تایبەت بەخۆی دەکات و ئێستا لە سەرانسەری جیهاندا لە گەلەریەکاندا دەبینرێت (زندی، 1393: 340). ئەم توێژینەوەیە جۆری یەکەمی نووسینی سەر دیوارەکان لەخۆدەگرێت و لە ڕووی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە ئەم دیاردەیە خراوەتەبەرباس و لێکۆڵینەوە.

بەربڵاویی دیوارنووسین و کاریگەرییەکانی، وەك یەکێك لە بەکارهێنانە زمانییەکان، ئەو هەلەی بە توێژەران و لێکۆڵەران داوە، تاوەکو بتوانن لە دید و بواری جیاواز و بە پێی پسپۆرییەکانی خۆیان بیخەنەبەرباس و لێکۆڵینەوە. بە بڕوای زمانەوانان، دیوارنووسین لە ڕووی زمانییەوە کارایییەکی زۆری هەیە و سەرباری ئەوەی یەکێکە لە ئامراز و کەرەستەکانی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی بیر و

ئەندیشە و پەیامە زمانییەکان، چەمکی ڕەمەکیی و نەژادیی و دەروونیی و نەتەوەیی تێدادەبینرێت (1389، 1385: 65)، لەم بارەیەوە (Abel, E. L. & Buckley, 1977) دەڵێن: (دیوار نووسین جۆرێکە لە کەرەستەی پەیوەندیکردن و چییەتییەکی کەسیی هەیە و بێبەرین لە سنووردارییەتی کۆمەڵایەتیی، ئەو هەلە بە تاك دەدات پەی بە خاڵی قەدەغەکراوی ئاوەزی خۆی ببات، ئەم نووسینە سادانە دەرچەیەکن بۆ ناسینی دیدگای تاك و ئەو کۆمەڵگایەی، کە ئەم دیاریدەیەی تێدایە، هەروەها هەندێکی تریش وەکو ئامرازێك بۆ دەربڕینی هەستەکان لە دیوارنووسراوەکان دەڕوانن (تحریریان و مرادی مقدم، 1393: 195).

**1-1 ) ڤاندال و ڤاندالیزم و مێژووی دەرکەوتنی:**

لە هەموو سەردەمێکدا بە پێی سروشت و چییەتی ڕێکخراو و دەزگاکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەك و لایەنی دەرونیی و بایۆلۆجیی و فیزیکیی مرۆڤەکان لە لایەکی ترەوە، چەندین جۆری ڕەفتاری تیکدەرانە و ناساز و نانۆرمی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتییدا سەرهەڵدەدەن. بەواتایەکی تر بە هۆی گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و نۆرم و عورف و پێوەرە کەلتورییەکان و بیروبۆچوونەکانەوە، بۆچوون و تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکانیش ڕووبەڕووی گۆڕان بووەتەوە و ئەمەش نەك تەنها چەندین جۆری ڕەفتاریی ناپەسەند و نەگونجاوی هێناوەتەئاراوە، بەڵکو ڕێژەی بڵاوبوونەوە و بایەخ و واتای ئەو دیاردانەشی گۆڕیوە. ڤاندالیزم لەو جۆرە ڕەفتار و لادانانەیە، کە لە کۆمەڵگای مۆدێرندا سەریهەڵداوە. (ڤاندالیزم نەخۆشییەکی تازە دەرکەتوو و مۆدێرنە لە کۆمەڵگای تازەدا و کاردانەوەیەکی دوژمنکارانە و ڕقاوییە بەرامبەر هەندێك لە فشار و بەربەست و سنورداریی و زوڵم و نادادیی و هەرەسەکان. لە زانستی کۆمەڵناسیی و خەسارەتناسیی کۆمەڵایەتییدا، ڤاندالیزم بەواتای هەبوونی دەروونێکی نەخۆشە، کە ویستی تێکدانێکی ئاگاهانە و خۆویستانەی موڵکی گشتیی و دامەزراوە گشتییەکانی هەیە)(تبریزی، 1379: 194).

ئەمڕۆکە (ڤاندالیزم ) وەک دیاردەیەکی جیهانیی و بەتایبەت لە ناوچە شارییەکانی زۆرێک لە کۆمەڵگە مۆدێرن و هەروەها دواکەوتووەکاندا دەبینرێت و دیاردەیەکی ڕوون و ئاشکرایە و وەک دیاردەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مۆدێرن بوونی هەیە و دەکرێ لە لایەنی جۆراوجۆرەوە لێی بڕوانرێت، وەکو زاراوەوە لە زمانی ئینگلیزییدا، ئاماژەیە بۆ (خراپکردن و تێکدانی موڵکی گشتیی لە ئاستی شاردا) و هەرجۆرە ڕەفتارێکی تێکدەرانە، نارۆشنبیریی و بێبەزەییانە لە شوێنە گشتییەکاندا (بلالی و هاوکارانی، 1392: 529). ئەم وشەیە لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییشەوە لە وشەی (ڤاندال)ەوە وەرگیراوە، کە ناوی نەتەوەیەکی جێرمەنی بوو، کە بە شەڕانیی و توندوتیژ و هێرشبەر ناسرابوون و خەریکی تێکدان و تاڵانکردنی دەوروبەریان بوون. ئەم هەستی تێکدەرانەی هۆزی ڤاندال بووەهۆی ئەوەی لە بابەتی خەسارەتناسییدا، هەر جۆرە ڕەفتارێکی تاوانکاریی بێتەهۆی تێکدانی بێ ئاگایانە و ئاگایانەی موڵکی گشتیی، هەروەها دژایەتیی و لەناوبردنی ئاسەواری هونەریی و ژیاریی لەژێر ناوی ڤاندالیزمدا ناوی ببرێت، بەو کەسەی کاری ڤاندالیستی دەکات دەگوترێت ڤاندال (COWN, 2005: 435). کەواتە ڤاندالیزم ئاماژەیە بۆ زیانگەیاندنی مەبەستداری شوێنە گشتییەکان لە ئاستی شار و هەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی وێرانکارانە، ناژیاریی، دژە کولتوریی و بێ بەزەییانە لە فەوزاری گشتییدا، لەوانە شکاندنی شووشەی پەنجەرەکان، دزینی موڵکی گشتیی، تێکدان و شکاندنی ڕێنماییەکانی هاتووچۆ، شکاندن و سوتان و بڕینی دار و گوڵ و سەوزاییەکان، کێشانی وێنە و دروشم لە شوێنە گشتییەکان و نووسینی دروشم لەسەر دیوارەکانی شار و قوتابخانە و شوێنە گشتییەکان.

هۆکاری ڤاندالیزمی گرافیتی زۆرن و پاڵنەرەکانیان بەپێی ئامانجی نووسەرەکانیان دەگۆڕێت؛ ئەگەر ئەم جۆرە نووسینە لە ڕابردوودا وەک تۆماری مێژوویی بەکارهاتبێت بۆ بەڵگەنامەکردنی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو، بەو مانایەی کە پاڵنەرەکانیان ئەرێنی بووە، ئەمڕۆ فراوانتر بووە، بۆئەوەی لایەنە جیاوازەکانی ژیان بگرێتەوە بۆ ئەوانەی کە پراکتیزەیدەکەن، بۆیە پاڵنەر و هۆکاری

فرەڕەهەند (سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی، کولتووریی، ئەخلاقیی، سۆزداریی، ئایینی)یان لە پشتە، هەیانە مەبەست لە نووسینی هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیە و هەشیانە بە مەبەستی ئامۆژگاریی و پەند دەنووسرێن و بەشێکیشیان جۆرێك لە نیگەرانیی و ناڕەزایەتیی دژ بە نالەباریی و نادادییەکان یاخود کەس و گرووپێکی تایبەتە. مەبەستی تاك لە نووسینی سەردیوارەکان خستنەڕووی ئارەزوو، ناکامیی و شکستەکانە، یاخود نوسینی یادگارییە، تاوەکو بتوانێت لەو ڕێگەیەوە سەرنجی ئەوانی تر بۆ خۆی ڕابکێشێت، هەندێجاریش دیوارەکان بۆ ڕیکلامکردنی بۆ کەس یاخود کالایەکی تایبەت بەکاردەهێنرێن، هەرچەند ئەم کارانە زیانی بۆ شوێنە گشتییەکان و سەرمایە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانیش هەبێت (بلالی و هاوکارانی،1392 : 526). توێژینەوە دەروونناسی و پەروەردەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، ڤاندالیزم پتر ڕەچەڵەکی دەرەکیی هەیە و لە بارودۆخی ژینگەوە سەرچاوەدەگرێت، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شارەکان وەک ئاستی داهات، ئاسانکاریی ڕاژەیی و بژیوی ژیان، بێبەشبوونی چینایەتیی، نادادیی و هەژاریی و ڕەوکردن لە گوندەوە بۆ شار و ... ئەگەری ڕوودانی ئاکاری ڤاندالی پتردەکەن. هۆکارەکانی ڕوودانی ڤاندالیزم کۆمەڵێکی لێکئاڵاوە لە هۆکارە کولتوریی و کۆمەڵایەتییەکان. لە کۆمەڵگەدا کێشەی بێکاریی، دابیننەکردنی یەکسانیی و دادپەروەریی و بەتاڵنەبوونەوەی وورووژێنەر و بزوێنەرە ڕوحییەکانی منداڵان بە گشتیی و بێزاریی بێهیوایی خوێندکاران لە خوێندن بەتایبەتیی و ناڕوونیی داهاتوویان گرنگترینی ئەوانن (بهمن پور و دیگرن، 1389: 6). ڤاندالیزم یاخیبوون و شۆڕشێکە، کە هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە. بۆ پێشگرتن لەم کێشە، ئێمە دەبێ بەرانبەر بە کەمتەرخەمی کۆمەڵایەتیی، گۆشەگیریی و دابڕانی کۆمەڵایەتیی و لەناوچوونی بەها کۆمەڵایەتییەکانی تاك و بنەماڵە بوەستینەوە (Goldstein,1996:298). لەم توێژینەوەیەدا ڕۆڵی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تەمەن و ئاستیی خوێندن لە دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە خراوەتەڕوو.

**2-1) ڤاندالیزمی زمانیی و کەلتور و شوناس:**

زمان نەك تەنها هۆکارێکە بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی و گێرانی ڕۆڵی پەیوەندیکردن، بەڵکو بەشێکی گرنگی شوناسی تاك و کۆمەڵگا پێکدەهێنێت، لە ڕێگەی زمانەوە تاك نەك تەنها بیروڕاکان دەگوێزێتەوە، بەڵکو بەها و نۆرم و شارستانیی و کەلتووری خۆیشی دەگوازێتەوە، کەواتە زمان بە پێناسە و بنەمای سەرەکی هەر نەتەوەیەک دادەنرێت و یەکێکە لە پایەکانی پەیژەی ناسینی نەتەوە، بەجۆرێک لە ڕێگای زمانەوە، کەلتور و فەرهەنگ و شوناسی نەتەوەکان لە جیهاندا دەناسرێتەوە. لەم ڕووەوە زمان و شوناس دوو بەشی لێکجیانەکراوەن لە دروستبوونی ژێرساختی گۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی لە بەستێنی پێوەندیی نێوان تاکەکان و جڤاکدا. لەلایەکی ترەوە زمان وەك دەستکەوتێکی کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا فاکتەرێکی کاریگەرە، ئەو زمانەی، کە لە ژینگەیەکدا دروستدەبێت، کارادەبێت و لە چوارچێوەیەکدا دەبێت، ئەو چوارچێوەیەش بۆ جیهانی دەوروبەر بونیادنراوە، بەمەش بیرەکانمان ڕێکدەخات (سلیم، ٢٠١٠: ١٢). زمان ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە بیرییەکانی کۆمەڵەکەیەتی، کە بە درککردن و تێگەیشتنیان لە سروشتی دەوروبەر و ئەزموونکردن لەگەڵیاندا بە دەستهاتووە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە کەلتور و ڕادەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی تێڕوانیان بۆ ژیان ڕەنگدەداتەوە(محەمەد، 2023: 359). لە ڕێگەی زمانەوە پارێزگاری لە کەلتور و دابونەریت و ڕۆشبیریی و بەها کۆمەڵایەتییەکان...هتد دەکەین، نەوە بۆ نەوە دەیانگوێزینەوە و گەشەیان پێدەدەین، هەر لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندیی ڕۆشنبیریی و ڕامیاریی و بازرگانیی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەبەستین، واتە لە ڕێگەی زمانەوە نەوەی نوێ فێری کەلتور و بەهای کۆمەڵایەتی دەکرێت و بۆ چوونەناو کۆمەڵ ئامادەدەکرێن) (هدسون، 1987: 172)، کەلتوریش، کە ڕووبەر و پانتاییەکی فراوانی لە ژیانی تاکەکانی هەر کۆمەڵێك داگیرکردووە و ڕەنگدانەوەی لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ئایدیا و تێڕوانینی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە بۆ

sjh@univsul.edu.iq

ژیان و دەورووبەر هەیە، هەژموونی خۆی دەسەپێنێت و ڕەگ و ڕیشەی بە پتەوی دەکوتێت و دەرکەوتەی لە دیاردە کۆمەڵایەتیی و کەلتوریی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی و دابونەریتەکانی ژیاندا ڕەنگدەداتەوە، مۆرکی سەرجەم ڕووداوەکان و پاشخانی تاقیکردنەوە و ئەزموونی کەلەپووری مێژوو و شارستانیەت و دونیابینی نەتەوەیەك لەخۆدەگرێت (ئەحمەد و حەمید، 2019 :369)، ئەمەش لە ڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە، واتە زمان گوێزەرەوەی کەلتور و بەها و کۆزانینە و ڕایەڵە بەستنەوەی نەوەکانە بە یەکتری، هەروەها زمان هۆکاری پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵەوە، کۆکەرەوە و هەڵگر و خەزێنە و دەربڕی هەموو لایەنەکانی تاك و کۆمەڵە، ئاوێنەی بیر و دیوانی شارستانێتییە، کە لەگەڵ ئەرکی گەیاندن و پێگەیشتنی نێوان تاکەکاندا بۆتە کەرەستە و ئامرازی سەرەکی، کە مرۆڤ بیری پێدەکاتەوە و پێی فێردەبێت، کاتێك منداڵ فێری زمان دەکەین فێری کەلتور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ژیانی دەکەین (فەقێ ئەمین، 2015: 24-25).

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و کولتوردا هەیە، لە لایەکەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە زمان دەستنیشانی ئەو ڕێگەیە دەکات، کە قسەکەری زمانەکە چی جۆرە وێناکردنێک بەرامبەر بە جیهانی دەوروبەری دروستدەکات، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بەو یاسا و ڕێسایانەوە هەیە، کە کار لە بەڕێوەبردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی کۆمەڵ دەکەن، ئەو کۆمەڵەی کەلتوری باوی تێدا پەیڕەودەکرێت، ئەوە دەستنیشانکەری ئەوەیە کە چی جۆرە شێوازێکی قسەکردنی تێدا بەکاربهێنرێت، پلەی زیادکردن و کزبوون و نەمانی ئەم شێوازەی قسەکردنیش بەستراوەتەوە بە جۆر و چەشنی ئەو کەلتورەی، کە لە ئەقڵ و هۆشی ئەندامانی قسەکەرانی میللەتێکدا هەیە (فەرەج، 2011: 27-28)، هەروەها بەهۆی ئەو سنورەی کولتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ ئەندامەکانی دیاریکردووە، ناچاری جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی کردوون، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی ئاخێوەرانی بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و کاروپیشەی جیاواز...هتد، لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەری ئاخاوتن، هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ ژیان هەبێت و بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە یەکتر شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری لەبەرچاوبگرن، چونکە گۆڕینی دابونەریتەکانی ڕەفتار و ئاخاوتنەکان کارێکی دژوارە، بەڵام لە بەرانبەردا ڕێزگرتن لە بیروڕا و شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری کارێکی ئاسانترە (محەمەد، 2024: 15)، بۆیە بۆ ئەوەی بەکارهێنانی زمان لە شوێنی گونجاو و شایستەدا بێت و لەهەمانکاتدا پەیوەندییەکی کەلتوریی دروست سەرهەڵبدات و بێتەئاراوە، پێویستی بە شارەزایی و ئاشنابوونە لەگەڵ پەیام و ڕەفتار و دابونەریتە کەلتورییەکاندا، چونکە دەکرێت کەلتوری هەر کۆمەڵگا و نەتەوەیەك بۆ گەیاندنی پەیامەکەی شێواز و کەرەستەی جۆراوجۆ و تایبەت بەخۆی هەبێت، دەبێت جیاوازییە کەلتورییەکان لە سودوەرگرتن لە بەرزی و نزمی دەنگ و ئاوازە و چۆنیەتی وەستان و هەڵسوکەوتکردن و چەندین جیاوازی تر لە کردەی ئاخاوتندا لەبەرچاوبگیرێن (ئەحمەد و حەمید، 2019 :372)، بۆیە کەلتور ناچارمان دەکات، زمان چۆن بەکاربهێنین و دونیابینینمان بۆ دەوروبەر چۆن بێت، چونکە (کاتێك مرۆڤ لە دایکدەبێت لە چوارچێوەی کەلتوری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا و بە پشتبەستن بە زمان و دانە فەرهەنگییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، بیری نوێ فێردەبێت و وەردەگرێت) (سەعید و ئەحمەد، 2017 : 192)، بە هۆی کاریگەری هۆیەکانی جیهانگیرییەوە، کەلتورە جیاوازەکان ڕووبەڕووی یەکتربوونەتەوە و کاریگەرییان لە سەر یەکتر دروستکردووە، هەرچەند هەر کۆمەڵگایەك کەلتوری تایبەت بەخۆی هەیە و بەها مرۆییەکان و ڕەفتارەکان لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی تر جیاوازن، بەڵام هەندێك تایبەتمەندی هاوبەش لەنێو کەلتورەکاندا هەن، کە بە تایبەتمەندییە گشتییەکانی کەلتور دەناسرێن. یەکێك لەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە زمانە. بەواتایەکی تر زمان بە یەکێك لە تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی نێوان کەلتورە جیاوازەکان دادەنرێت (ئەحمەد و حەمید، 2019: 370)، بۆیە کاتێك بنەما کەلتورییەکانی کۆمەڵگایەکی باڵا و پێشکەوتوو لە ڕووی (ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی ...هتد) پێشڕەوی

دەکاتەناو فەرهەنگی زمانی کەلتوری کۆمەڵگایەکی دواکەوتووەوە، هەندێك کەرەستەی کەلتوریی و مادیی لە کۆمەڵگایەکی دیکەوە وەردەگرێت (باتنی، 2011: 24). کەلتوری کوردیش وەکو زۆرینەی کەلتوری کۆمەڵگاکانی تر، سەرەڕایی پارێزگاریکردن لە هەندێك تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆی، بەڵام بە گشتی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی و گوشاری کەلتورە جیاوازەکانی ترەوە، کە کاریگەرییان لە سەر دروستکردووە و گۆڕانیان بەسەر هەندێك لایەنیدا لە ڕووی جۆر و چۆنیەتی جێبەجێکردنییەوە، هێناوە، زمانی کوردیش وەکو گوێزەوەیەکی کەلتوری کۆمەڵی کوردەواریی، کاریگەریی لە سەر دەرکەوتووە و پێشێلی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانەکەی کراوە. ئەو بۆچوون و هێما و ڕەمز و دەربڕاوانەی، کە لە سەر دیواری شوێنە گشتی و تایبەتییەکان دەنووسرێن، نموونەی ئەم گۆڕانانەن، گەرچی نەتەوەی کورد لە مێژە نوسینی سەر دیواری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری سیاسی و ڕامیاری و بەگژاچوونەوەی دیاریدە ناپەسەندە کۆمەڵایەتییەکان و شیعری شاعیران و پەند و دروشمە ئاینییەکان و ناونیشانی کار...هتد، بەکارهێناوە، بەڵام لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی زماندا بوون و تایبەتمەندییەکانی کەلتوری کوردی لەبەرچاوگیراوە، ئێستا بە لاسایکردنەوەی کەلتوری کۆمەڵگا جیاوازەکانی تر، بۆچوون و دەربڕاوی ناپەسەند و ڕەمز و هێمای خواستراو بەکاردەهێنرێت و وەکو تابلۆیەك پێشانی کۆمەڵی کوردەواری دەردرێت، کە زۆرێکیان بە ناپەسەند و قەدەغەکراو لە کەلتوری کوردیی دادەنرێن و زۆرجاریش کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، هەروەها بە یاساش سزایی جۆراوجۆریان بۆ دانراوە، لەم ڕووەوە (کوثری، 2008) پێیوایە، بەهۆی پەیوەندیی بە وردە کەلتورەکانەوە، ڤاندالیزم وەکو نیشانەیەك لە کەلتوری تێکدەرانە و تاوان لەقەڵەمدەدرێت. بەم هۆیەوە هەندێجار کاربەدەست و بەرپرسان بەتوندی دژ بەم دیاردەیە دەوەستنەوە و لەو باوەڕەدان نووسین لە سەر دیوارەکان دەبێتە هۆی تێکدانی موڵکی گشتیی، گروپێکی تر پێیانوایە ناوەڕۆکی نووسینەکان ڕەنگدانەوەی کەلتوری گروپە لادەر و تێکدەرەکانە و پەنابردن بۆیان بە مەبەستی دەربرینی بیر و ئایدۆلۆژیای گروپە ڕادیکاڵ و ئانارشیستە سیاسییەکان یەکێکی ترە لەو تۆمەتانەی، کە دەردیتەپاڵ ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە، یەکێکی تر لەو دەرەنجامە نەرێنییانەی ئەم دیاردەیە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، نووسینی یادگاریی و یادەوەرییە لە سەر شوێنەوارە مێژوویی و کەلتوریی و ئاینییەکان و دواجار تێکدان و شێواندنیان (زندی، 1393: 337). ئەمەش بە ڕوونی کاریگەریی نەرێنی ئەو دیاردەیە لە سەر کەلتوری گەلان پیشاندەدات.

لەم توێژینەوەیەدا نووسینی سەردیواری ناوەندەکانی خوێندن وەکو نموونەی گۆڕانی زمان و یەکێك لە بەکارهێنانە زمانییەکان کاریگەریی لە سەر کەلتوری کوردیی، وەرگیراوە، چونکە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە بناغە و پەناگەی پارێزگاریکردن و گەشەپێدانی زمان و کەلتور و شوناس و بەها کۆمەڵایەتییەکان و گواستنەوەی بۆ نەوەی نوێ دادەنرێت، ئەمەش لە دوتوێی پرۆگرامەکانی خوێندن و لە ڕێگەی زمانی پەروەردەییەوە جێبەجێدەکرێت، چونکە زمانی پەروەردەیی سەرەڕای گرنگیدان بە فێربوون و فێرکردنی قوتابی، لە ڕووی نووسین و خوێندنەوە و وەرگرتنی زانیاریی، لەلایەکی ترەوە گرنگی و بایەخ بە گەشەپێدان و چاندنی بەها و ڕەفتار و بیر و کەلتور و شوناس...هتد دەدات، ئەمەش بە بەرجەستەکردنی لەناو پرۆگرامی خوێندندا دەبێت (فەقێ ئەمین،2015: 24)، واتە دوای زمانپێژان قوتابخانە یەکەم دەروازەیە، کە منداڵ زمانی دایکی تێدا فێردەکرێت و هەر لە ڕێگەی زمانەوە لە دوو توێی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان و کەلتور و مێژوو و شارستانییەت و ڕۆشنبیریی و هونەری کۆمەڵەکەی خۆی فێردەبێت، بۆیە خوێندن بە زمانی دایك، واتا فێربوون و تێگەیشتن لە تێڕوانین و ئەو کۆزانیارییە کەڵەکەبوو و ئەزموونکراوەی، کە کۆمەڵەکەی لە ڕابردوودا بۆ سروشت و ئەو واقعەی تێیدا دەژین، بەدەستیانهێناوە، بەمەش هەم زمان و هەم پاشخانی کۆمەڵ پارێزراودەبێت (محەمەد، 2023: 366). زمان و پەروەردە پەیوەندییەکی پێکەوە بەستراون، دوو بواری گرنگن و پەروەردە بەبێ زمانێکی شیاو ناتوانێت پەروەردەیەکی نموونەی بەرهەمبهێنێت، منداڵ فێری زمان دەکرێت لەگەڵیشیدا پەروەردە دەکرێت، فێری دەنگەکان و فۆنێمەکان و یاساکانی زمان

sjh@univsul.edu.iq

دەبێت، لە هەمانکاتدا بنەماکانی پەروەردەکردنیش فێردەبێت کەلتور و شارستانیەت و بەهاکان وەردەگرێت (فەقێ ئەمین، 2015: 26). بەو پێیەی کە زۆرترین ئامارەکانی کاری تێکدەرانە بەگشتیی و ڤاندالیزمی گرافیتیی بەتایبەتیی لەلایەن توێژی گەنجانەوە ئەنجامدەدریت و بەشێکی لەبەرچاوی دانیشتوانی وڵاتیش گەنجان و کەسانی خوێندەوار پێکیدەهێنن، بۆیە ئاسایی و سروشتییە بەشێك لە ڕەفتاری ڤاندالیزمیی، خوێندکاران ئەنجامیبدەن، قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن ئامانجی یەکەمی ڤاندالەکانن، خوێندکارانی قوتابخانە ناوەندییەکان کە لە هەرزەکاران پێکهاتوون ئارەزووی دەرخستنی ناسنامە و شوناسی خۆیان دەکەن. ئەوان کەسانێکی هەرزەکار و یاخیین لەو سیستەمانەی بۆیان دادەنرێت. بۆ ئەوەی نەبنە قوربانی سیستەمەکە ئەگەر نارەزایی و گلەییان هەبێت، پەنا دەبەنە بەر ڤاندالیزمی زمانیی بۆ دەربڕینی نارەزایی خۆیان لە سیستەمەکە . ئەوان هەستدەکەن ستەمیان لێکراوە و وەک ڕێگاکانی دەربڕینی بۆچوونەکانیان بەکاری دەهێنن (Nwoye. O, 1993: 419). بەو واتایەی ئەوان دەیانەوێت و مەبەستیانە بە ئەنجامدانی ئەو جۆرە یاخیبوونە شوناسێکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان پیشانبدەن، شوناسێك کە تارادەیەك دوورە لە بەها و نۆرم و شارستانیی و کەلتووری نەتەوەی کوردەوە، ئەمەش بەزۆریی خۆی لە شکاندنی شوشەی پەنجەرەکان، تێکدانی مێز و تەختەڕەش و هۆیەکانی تری فێرکردن و نووسینی سەردیواری ناوەندەکانی خوێندندا دەبینێتەوە.

## 2) شێوازناسی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوەی کارەکییە و لە شیکردنەوەی داتاکاندا بە شێوەی (پەسنیی-شیکاریی) لەهەوڵی پەیبردنە بە کاریگەریی و ڕۆڵی دوو لە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی تەمەن و ئاستی خوێندن لە سەر دیوار نووسینەکانی ناوەندەکانی خوێندن، توێژینەوەکە بە شێوەی مەیدانیی ئەنجامدراوە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەلایەن توێژەرانەوە وێنەی نووسینەکان گیراوە، دوای جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی ئەو نووسینانەی، کە ناڕوون و نادیارن، بە پێی ناوەڕۆك و مەبەستی نووسینەکان کە لە(2-1) ئاماژەی پێکراوە، پۆلێنبەندکراون و هەر نموونەیەك خراوەتەژێر ناوەڕۆکی خۆی و دواتر لە (2-2) داتاکان بە ڕێژە خراوەتەڕوو و بەراوردی قۆناغە جیاوازەکان کراوە و سەرەنجام و لە کۆتا تەوەردا، واتە لە (2-3)دا شیکردنەوە بۆ داتا بەدەستهاتووەکان کراوە و هەر سێ قۆناغی جێی مەبەست بەراوردکراوە.

### 1-2) ناوەڕۆکی نووسینەکان:

نووسینی سەردیوارەکان بەپێی هۆکارەکانی پشتیان جیاوازن؛ نووسەر لە ڕێگەی ئەوەی لەسەر دیوارەکان دەینووسێت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئامانجەکەی ڕادەگەیەنێت. بەسەرنجدان لە نموونە بەدەستهاتووەکان، دەتوانرێت ناوەڕۆکی نووسینەکان دابەشبکەین بۆ چەندین بابەتێکی جیاواز کە هاوبەشییەکی زۆر هەیە لە نێوان خوێندکارانی سێ ئاستی جیاوازدا، هەرچەند دەکرێت یەکێك لە ناوەڕۆکەکان لەلای خوێندکاری یەکێك لەقۆناغەکان بەدینەکرێت و بەپێچەوانەشەوە هەمان ناوەڕۆك بەڕێژەیەکی زۆر لە ئاستێکی تردا ئامادەیی هەبێت، سەرەڕایی ئەمەش زۆرێك لە نووسینی سەر دیوارەکان لەگەڵ بۆچوون و تێڕوانین و تەمەن و قۆناغی خوێندکاردا ناگونجێت، ئەمەش لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسینەکان کۆپی دەکرێن و بە لاسایکردنەوە دەنووسرێن، لە لایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی تەمەن و ئاستی خوێندن، لێرەدا بەشێوەیەکی گشتیی گرنگترین ئەو ناوەڕۆکانە دەخەینەڕوو، کە تۆمارکراون:

**1-1-2) گزیکردن:**

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کەخوێندکاران لەقۆناغە جیاوازەکاندا پەنای بۆ دەبەن و لە سەر دیواری پۆلەکانیان دەیاننووسن دیاردەی قۆپیکردن یاخود گزیکردنە، ئەم دیاردەیەش بە پێی قۆناغەکان بەرێژەی جیاواز پەنای بۆ دەبرێت. وەك لەم نموونانەدا هاتووە:

قۆناغی بنەڕەتیی: (تەواوکەری بەیاریدە و ئامراز، جوڵە و جوڵەوزە و ماتەوزە...هتد)

قۆناغی ئامادەیی: ( big/small- good/bad, ئەرکەکانی ناو...)

قۆناغی زانکۆیی: (خاسیەتەکانی ڕیالیزم بریتییە لە....، سودەکانی تونێل....هتد).

**2-1-2) دڵداریی و لێکەوتەکانی:**

دیاردەی دڵداریی و خۆشەویستیی و لێکەوتەکانی لە پرکارترین ئەو دیاردانەیە، کە خوێندکاران پەنای بۆ دەبەن، ئەمیش خۆی لە هۆنراوەی عاشقانە و دەربڕینی هەستی خۆشەویستیی و باسکردنی دابڕان و بەیەکگەیشتندا دەبینێتەوە، یاخود لەڕێگەی هێماکانەوە گوزارشتی لێدەکەن، وەک نووسینی سەرەتای ناوی خۆشەویستەکانیان، یان کێشانی دڵ وەک نیشانەی ئەم خۆشەویستییە، چونکە دەربڕینی هەستی خۆشەویستیی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بە هۆکاری جیاواز چەندین ڕێگریی و بەربەستی هەیە، بۆیە خوێندکاران لە هەموو قۆناغێکدا ناچارن بەنهێنی و بەبێ ئاشکراکردنی ناوی خۆیان، لە سەر ڕووی دیوارەکان هەستی خۆیان دەربڕن، وەك لەم نموونانەدا دیارە:

قۆناغی بنەڕەتیی: (خۆشم دەویی، ئەگەر ڕۆژێك بیرت کردم بیرت بێت خۆت جێتهیشتم...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: (دوستت دارم، گرنگ بالات نییە گرنگ ئەوەیە بگەیتەلام، وەرەگیانم فیداتبم...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (هەموو ژیانم قوربانی هاتنت بێت، قژ کاڵی لێو ئاڵ ...هتد)

**3-1-2) ناوی تایبەتیی:**

نووسینی ناوی تایبەتی، بەتایبەت ناوی ڕەگەزی بەرامبەر و ناوی کەسانی بەناوبانگی جیهانی و ناوخۆیی و ناوی شار و هۆز و تیرەی دیاریکراو، یەکێکی ترە لە بابەتە بەرفراوانەکان و لەهەموو قۆناغەکاندا بەرچاودەکەوێت:

قۆناغی بنەڕەتیی: (حەمەی کراش، بلباس زەنگەنە، جاف، دونیا، سارا، ...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: (ئالان تەرخانی، یوسەی قالە، حەمەی شێخ، دانییە، شەنگین...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (حەمە سەرزل، ڕاوێژ، زەیتوون، دییە...هتد).

**4-1-2) ڕەخنەگرتن و نیگەرانیی لە پرۆسەی پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندن:**

ناڕەزایی دەربڕین لە دۆخی پەروەردەیی وڵات بە گشتی، یان ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر خوێندنگا و زانکۆکان بە تایبەتی، یان سەرنجدان لەسەر یاسایەکی دیاریکراوی پەیوەست بە خوێندن، هەروەها ناوزڕاندنی کەسێکی دیاریکراو لە ناوەندەکانی خوێند، یان تۆڵەسەندنەوە لە هەندێک لەوانەی بەرپرسی پەروەردەن لە قوتابخانە یان زانکۆکان، یەکێکی ترە لە نموونەی ڤاندالیزمی زمانیی،

sjh@univsul.edu.iq

ئەمجۆرەیان زیاتر لەلایەن ئەو خوێندکارانەوە دەنووسرێن، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا ئەزموونی خراپیان هەبووە. لەمڕووەوە زۆرجار خوێندکاران بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لێیان ڕوانیون و ئەوەی لەناخیاندا بووە و نەیانتوانیوە بە ئاشکرا دەریببڕن، بۆیە لە سەر دیواری ناوەندەکان نووسیویانە، بۆ نموونە:

قۆناغی بنەڕەتیی: (ك....م بە مامۆستا...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: (تف لەوەی ساڵێ تر لەم پۆلە دەخوێنێ، ئامادەیی ئیسلامی.، ناخۆشترین مەکتەب...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (ئاخ مامۆستا هەژار، وەرزش+ ئاخ، مامۆستا شێتت کردم...هتد).

**5-1-2) وشە و دەربڕاوی تابوویی:**

قەدەغەبوونی وشە و دەربڕاوی تابوویی وەك یەكێك لەبەكارهێنانە زمانییەکان و بە هۆکاری شەرمکردن لە دەربڕینیان پانتاییەکی زۆری لە سەر دیواری ناوەندەکانی خوێندن داگیرکردووە، خوێندکاران بە مەبەستی جیاواز بە تایبەت بۆ جنێودان و ڕەتکردنەوەی بەرامبەر پەنایان بۆ بردووە، بۆ نموونە:

قۆناغی بنەڕەتیی: (زۆر گو مەخۆن، من کەرم، قوندان...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: (گو ناخۆیی، چاوت دەرێ، گونم، قوزەڵقورت...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (من کەرم، خوێری، هۆش...هتد).

**2-1- 6) یادگاریی نووسین:**

یەكێك لە فراوانترین نووسینەکانی سەر دیواری ناوەندەکانی خوێندن، نووسینی یادگارییە، کە لە هەموو قۆناغ و تەمەنە جیاوازەکاندا بەرچاودەکەوێت و لەداتاکاندا ڕێژیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، خۆی لە نووسینی یادگاریی و بەروار و بۆنە و یادەکان دەبینێتەوە، کە زیاتر مەبەست لێی بەجێهێشتنی یادگارییە تاکو کردەی تێکدەرانە و مەبەستێکی تایبەت، وەك لەم نموونانەدا هاتووە:

قۆناغی بنەڕەتیی: (11-2-2024، 7-6-2021...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: (بۆ یادگاری 26/ 11، كۆتا ڕۆژی دەوام، 15: 2/ 2023 خۆشترین ڕۆژ...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (سێ شەمە، 4/11 /2023، 2/22 /2018...هتد).

**7-1-2) تێڕوانین بۆ ژیان:**

تێڕوانین بۆ ژیان، بە هەردوو لایەنی نەرێنی و ئەرێنییەوە پانتاییەکی فراوانی بیر و ئاوەزی خوێندکارانی داگیرکردووە و بەناچاریی بێت یاخود ئارەزوومەندانە لە سەر ڕووی دیوارەکان تۆماریانکردووە، وەك لەم نموونانەدا دیارە:

قۆناغی بنەڕەتیی: (ژیان یانی پارە، پارەی گەواد، گەورەیە بۆ كەس نەبیت سێبەری...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: (ئاخ هەژاریی، ژیانێ ژیام شایستەنەبووم، دەستم بۆ هەرچی برد هەڵوەری...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (ژیان تاڵە، دڵت بە دونیا خۆشە.. نەوەڵا...هتد).

**8-1-2) ئایینیی و نزا و پاڕانەوە:**

sjh@univsul.edu.iq

بابەتەکانی پەیوەست بە ئایین بە گشتی و نزا و پاڕانەوە و ویردەکان بە تایبەتی، خوێندکاران لە سەر دیوارەکان تۆمارییان کردووە، ئەم نووسینانە لە پاڵنەری ئایینی نووسەرەکانیانەوە هاتووە، و زۆرجار بە نیازێکی باشەوە ئەنجامدەدرێن، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

قۆناغی بنەڕەتیی: (الحمدلله، عمری کوری خەتاب، ئایشە کچی ئەبوبەکر...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: (وریابە تاقیکردنەوەی دونیایی قیامەتت بیرنەباتەوە، ان الله علی کل شی قدیر...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (خوایە گیان ئەم کۆتاییە سەختە تێپەڕێنین).

**9-1-2) بابەتی نەتەوەیی و سیاسیی:**

بۆچوونە سیاسییەکان لە لوتکەی گرافیتیدا دێن؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوە خێرا و گۆڕانکارییە یەک لەدوای یەکانەی، کە لە جیهان و ناوچەکەدا ڕوودەدەن (بەکداش و هاوکارانی، ٢٠١٢، ل١٤٥). ئەمەش بە ڕوونی لە شێوەی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە بارودۆخێکی سیاسی دیاریکراو یاخود لایەن و کەسایەتییەکی سیاسی تایبەت، کە نووسەری سەر دیوارەکان ڕەتیدەکاتەوە یان پشتگیریی دەکات، خوێندکارانیش بە تایبەتیی قۆناغی ئامادەیی و زانکۆیی بەهۆی کاریگەربوونیان بە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان، وێڕای دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵیدا، هەوڵیانداوە لە سەر ڕووی دیوارەکان تۆماریان بکەن، وەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

قۆناغی بنەڕەتیی: (ئاخرین مالی ژینم کونجی بەندیخانە، ی.ن.ك...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: ( کوردستان، pkk ...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (هەرێمی کوردستان، دوژمنی کورد...هتد).

**10-1-2) وەرزشیی:**

بابەتەکانی وەرزش و ناوی یاریزان و یانە وەرزشییە جیهانیی و ناوخۆییەکان، جێی سەرنجی خوێندکارانن بە تایبەتی لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆیی، ئەمەش لە ڕێگەی نووسین لە سەر دیواری پۆلەکانی خوێندنەوە گوزارشتیان لەحەز و ئارەزوو و لایەنگریی یان دژایەتییان بۆ تیپێکی وەرزشی، یان یاریزانێکی دیاریکراو کردووە، وەك لەم نموونانەدا دیارە:

قۆناغی ئامادەیی: ( FCB، Barselona، barca ...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (هاندەرانی تانگۆ).

**11-1-2) تەنز:**

یەکێکی تر لەو بابەتانەی، کە لە سەر دیواری پۆلەکان تۆمارکراوە بریتییە لە وتە و دەربڕاوی تەنز و گاڵتەئامێز، بۆ نموونە:

قۆناغی ئامادەیی: ( دارا دوو داری دی مامۆستا دیناری نەدی، ئاو سارد خۆشە؟، فارسی بلدی ئاغا...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (ها بزانە چی بزانم. چاو پرتەقاڵی گیان بتخۆم...هتد).

**12-1-2) پەند و ئامۆژگاریی:**

لەم جۆر ناوەڕۆکەدا خوێندکار هەوڵدەدات پەندێکی پێشینان یاخود ئامۆژگارییەك لە سەر دیوارەکان بنووسێت و لەو ڕێگەیەوە ئامۆژگاری هاوپۆلەکانی بکات، وەك لەم نموونانەدا دیارە:

sjh@univsul.edu.iq

قۆناغی ئامادەیی: (ئەگەر گوڵ نیت درکیش مەبە، ئاگاداری ناوباگت بە، گلەیمەکە لە خۆرئاوابوون ڕەنگەبەختت لەڕێگابێت ...هتد).

قۆناغی زانکۆیی: (پیاو بە ژن نیشانەی ...).

**2-1-13- بابەتی تر:**

کۆمەڵە نووسینێکی تر لە سەر دیواری پۆلەکان بەرچاوەدەکەوێت، کە سەر بە هیچ یەکێك لەو بابەتانە نییە، زیاتر ئەو نووسینانەی سەر دیوارەکانیش دەگرێتەوە کە دەچنەچوارچێوەی بابەتی ترەوە، یان نووسینەکان ڕوون نین و یان هیچ واتایەك ناگەیەنن، لەوانە:

قۆناغی بنەڕەتی: (کێکەکان بخۆ، تۆ ناوت چییە من ناوم، هیرش دەکاتەسەر...هتد).

قۆناغی ئامادەیی: ( تخوا دەستکاری مەکەن، تۆ باشی، تکایە بێدەنگبن، جابۆ؟...هتد).

قۆناغی زانکۆیی (خەتای خۆی بوو، شەرم لە مرۆڤەکان...هتد).

**2-2) شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان:**

لەم تەوەرەیەی توێژینەوەکەدا بە پشتبەستن بە داتا کۆکراوەکان، کە خۆی لە (744) دیوارنووسیندا دەبینێتەوە و تێیدا (109) نووسینی تایبەتە بە قۆناغی بنەڕەتیی (پۆلی 6 بۆ 9) و (398) نووسینی تایبەتە بە قۆناغی ئامادەیی (10 بۆ 12) و (237) نووسینیشی تایبەتە بە قۆناغی زانکۆ، وەك لە خشتەیەی خوارەوە ئاماژەی پێدراوە، هەوڵدەدەین چۆنێتی دابەشبوونی ئەو نووسینانە بە سەر ناوەڕۆکەکان و ڕێژەکانیان بخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| | ناوەڕۆك | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | زانکۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| 1 | گزیکردن | 51 | 46.78 | 5 | 1.25 | 70 | 29.53 |
| 2 | دڵداریی و لێکەوتەکانی | 6 | 5.50 | 102 | 25.62 | 35 | 14.76 |
| 3 | ناوی تایبەتیی | 9 | 8.25 | 40 | 10.05 | 17 | 7.17 |
| 4 | ڕەخنەگرتن لەپرۆسەی پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندن | 1 | 0.91 | 7 | 1.75 | 5 | 2.10 |
| 5 | وشە و دەربڕاوی تابوویی | 9 | 8.25 | 47 | 11.80 | 20 | 4.43 |
| 6 | یادگاریی نووسین | 2 | 1.83 | 95 | 23.86 | 43 | 18.14 |
| 7 | تێڕوانین بۆ ژیان | 4 | 3.66 | 21 | 5.27 | 14 | 5.90 |
| 8 | ئایینیی و نزا و پاڕانەوە | 5 | 4.58 | 31 | 7.78 | 1 | 0.42 |
| 9 | بابەتی نەتەوەیی و سیاسیی | 2 | 1.83 | 12 | 3.01 | 13 | 5.48 |
| 10 | وەرزشیی | 0 | 0 | 3 | 0.75 | 1 | 0.42 |
| 11 | تەنز | 0 | 0 | 2 | 0.50 | 3 | 1.26 |
| 12 | پەند و ئامۆژگاریی | 0 | 0 | 18 | 4.52 | 1 | 0.42 |
| 13 | بابەتی تر | 20 | 18.34 | 15 | 3.76 | 14 | 5.90 |
| | کۆی گشتیی | 109 | 100 | 398 | 100 | 237 | 100 |

بەسەرنجدان لەو داتایانەی، کە لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو، هەریەکە لە قۆناغە جیاوازەکان، بە پێی دونیابینیی خۆیان و تەمەن و ئەو ژینگەیەی تێیدان، پەنایان بۆ جۆرێك لە ناوەڕۆکان بردووە، بەشێوەیەك لە قۆناغی بنەڕەتییدا دیاردەی گزیبکردن بەرزترین ڕێژەی هەیە و بە تۆمارکردنی (51) نووسین و بە ڕێژەی (46.76%) لە ڕیزبەندی یەکەمی بابەتە نووسراوەکاندایە، بەدوای ئەودا دەربڕاوی تابوویی و ناوی تایبەتیی بە (9) نووسین و بە ڕێژەی (8.25%) لە پلەی دووەمدان و دیاردەی دڵداریی و لێکەوتەکانی یەکێکی ترە لە بابەتە بەربڵاوەکان و بە (6) نووسین و بە ڕێژەی (5.50%) پلەی چوارەمی لەخۆگرتووە. بابەتی ئایینیی بە (5) نووسین و بە ڕێژەی (4.58%) و تێڕوانین بۆ ژیان بە (4) نووسین و بە ڕێژەی (3.66%) و بابەتی نەتەوەیی و یادگاریی بە (2) نووسین و بە ڕێژەی (1.83%) و ڕەخنەگرتن لە ناوەندەکانی خوێندن بە (1) نووسین و بە ڕێژەی (0.91%) پلەکانی پێنجەم تا نۆیەمیان گرتووە. هەرچی بابەتیی وەرزشیی و تەنز و پەند و ئامۆژگاریی هەیە بەبێ بوونی هیچ نووسینێك لە قۆناغی بنەڕەتییدا لە دەرەوەی ڕیزبەندییەکەدان. ئەوەی جێی ئاماژەیە بەشێکی زۆر لە نووسینەکان کە خۆی لە (20) نووسیندا دەبینێتەوە و (18.34) لە سەدی کۆی نووسینەکانە، تایبەت بوون بە کۆمەڵە ڕستە و دەربڕاوێکی تایبەت و بەبێ زانینی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی کە نووسەر نووسینەکەی تێدا ئەنجامداوە، واتایەکی ڕوون و ئاشکرایان نییە.

لە قۆناغی ئامادەییدا دیاردەی دڵداری و لێکەوتەکانی زۆرترین نموونەیان هەیە و بە تۆمارکردنی (102) نووسین و بە ڕێژەی (25.62%) لە ڕیزبەندی یەکەمی بابەتە نووسراوەکاندایە، بە دوای ئەودا نووسینی یادگاریی و بەروار بە (95) نووسین و بە ڕێژەی (23.86%) لە پلەی دووەمدان، وشە و دەربڕاوی تابوویی یەکێکی ترە لە بابەتە بەربڵاوەکان و بە (47) نووسین و بە ڕێژەی (11.80%) پلەی سێیەمی لەخۆگرتووە. ناوی تایبەتیی بە (40) نووسین و بە ڕێژەی (10.05%) بابەتی ئایینیی بە (31) و بە ڕێژەی (7.78%) و بابەتی تێڕوانین بۆ ژیان بە (21) نووسین و بە ڕێژەی (5.27 %) و پەند و ئامۆژگاریی بە (18) نووسین و بەڕێژەی (4.52%) و ڕەخنەگرتن لە ناوەندەکانی خوێندن بە(7) نووسین و بەڕێژەی (1.75%) و دیاردەی گزیکردن بە (5) نووسین و بە ڕێژەی (1.25%) و بابەتیی نەتەوەیی و سیاسیی بە (12) نووسین و بە ڕێژەی (3.01%) و بابەتی وەرزشی بە (3) نووسین و بەڕێژەی (0.75%) و بابەتی تەنز بە (2) نووسین و بەڕێژەی (0.50) پلەکانی چوارەم تا سیازدەیەمیان لەخۆگرتووە، هەروەها بابەتەکانی تر بە (15) نووسین و (3.76%) لەسەدی کۆی نووسراوە کۆکراوەکانی گرتووەتەوە.

لە قۆناغی زانکۆییشدا هەریەکە لەو ناوەڕۆکانە بە ڕێژەی جیاواز خۆیان دەردەخەن، بە شێوەیەك، دیاردەی گزیکردن بە (70) نووسین و بە ڕێژەی (29.53%) بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردووە، بەدوای ئەودا نووسینەکانی تایبەت بە یادگاریی و بەروارنووسین بە (43) نموونە و بە ڕێژەی (18.14%) لە پلەی دووەمدایە، و دواتریش بابەتی دڵداریی و لێکەوتەکانی بە (35) نموونە و بە ڕێژەی (14.76%) و نووسینەکانی تایبەت بە دەربڕاویی تابوویی بە (20) نووسراو و بە ریژەی (43. 8) و ناوی تایبەتیی بە (17) نموونە و بە ریژەی (7.17%) لە پلەی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدان و هەریەکە لە بابەتی تێڕوانین بۆ ژیان بە (14) نووسین و بە ڕێژەی (5.90%) و بابەتی نەتەوەیی و سیاسیی بە (13) نووسین و بە ریژەی (5.48%) لە پلەکانی شەشەم و حەوتەمدان. دیاردەی ڕەخنەگرتن لە ناوەندەکانی خوێندن بە (5) نووسین و بەڕێژەی (2.10%) و بابەتی تەنز بە (3) نوسین و بە ڕێژەی (1.26%) لە پلەکانی هەشتەم و نۆیەمدان و نووسینەکانی تایبەت بە بابەتی ئایینیی و وەرزشیی و پەند و ئامۆژگاریی بە (1) نووسین و بە ڕێژەی ( 0.42%) لە پلەکانی کۆتاییدان. نووسینی بابەتەکانی تر بە (14) نووسین، ڕێژەی (5.90%) لە سەدی کۆی نووسراوە کۆکراوەکانی لەخۆگرتووە.

**(3-2 هەڵسەنگاندنی داتاکان:**

بەسەرنجدان لە داتاکان ئەوە دەردەکەوێت کە:

- تەمەن و ئاستی خوێندن وەکو دوان لە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە گۆڕانی ڕێژە و ناوەڕۆکی بابەتەکان.
- دیاردەی گزیکردن لە هەردوو قۆناغی بنەڕەتیی و زانکۆییدا زۆرترین ڕێژەیان تۆمارکردووە، ئەمەش ڕەنگە هۆکارەکەی هەڵکشانی تەمەن و ڕەوینەوەی ترس و گرنگینەدانی خوێندکاران و فێرخوازان بێت بە خوێندن و تاقیکردنەوەکان، بەبەراورد بە قۆناغی سەرەتایی.
- بەهۆی ئەو ئازادییە ڕێژەییەی کە لە قۆناغی ئامادەیی و زانکۆییدا هەیە و تەمەنی خوێندکارانی ئەو قۆناغانە، پەنابردن بۆ نووسینی تایبەت بەدڵداریی و لێکەوتەکانی زۆرترین کاراییان هەیە بە بەراورد بە قۆناغی بنەڕەتیی و خوێندکاران و فێرخوازان دەیانەوێت لەو ڕێگایەوە حەزوو و ئارەزووەکانیان بەتاڵبکەنەوە.
- دەربڕینی خۆشەویستی و ئاماژەکردن بۆ ناوی خود یان کەسی بەرامبەر لە ڕێگەی نووسینی ناوی تایبەتەوە لەهەرسێ قۆناغدا تارادەیەك نزیکن لەیەکەوە.
- ڕەخنەگرتن لە ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستایان و بەرپرسانی پەروەردەیی لە قۆناغی ئامادەییدا بە بەراورد بە دوو قۆناغەکەی تر، نووسینی زیاتری لە سەر نووسراوە، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە بیرکرنەوە و هزری خوێندکاران بۆ ناوەندەکانی خوێندن و هەستنەکردنە بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر خوێندن و خۆبەرییکردنە لە شکست و دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەکان و پرۆسەی خوێندن بە گشتیی.
- لە وشە و دەربڕاوی تابوویی و زبردا قۆناغی ئامادەیی بەرێژەیەکی بەرچاو لە پێش قۆناغی بنەڕەتیی و زانکۆییەوەیەو دیسانەوە هۆکارەکەی بۆ تەمەنی ئەو جیلە دەگەڕێتەوە و زیاتر ڕاکردنە لە بەرپرسیارییەتی و گوێنەدان بە لێکەوتەکانی ئەو جۆرە ناوەڕۆکە.
- دیاردەی نووسینی یادگاریی و بەروار لەقۆناغی ئامادەیی زۆرترین ڕێژەی تۆمارکردووە و بەدوای ئەویشدا قۆناغی زانکۆیی دێت.
- بەهۆی گەشەکردنی بیر و ئەندێشە و پەیبردن بە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان و هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتیی، تێڕوانین بۆ ژیان بە ئەرێنی و نەرێنییەوە لە قۆناغی زانکۆییدا بە بەراورد بە قۆناغەکانی تر بەرزترین ڕێژەیان هەیە.
- بابەتی ئایینی و گرنگیدان بە ویردەئاینییەکان لە قۆناغی ئامادەییدا لە پلەی یەکەمدایە و بەدوای ئەودا قۆناغی بنەڕەتیی دێت، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاك لەم تەمەنەدا زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەوروبەر و هەست و سۆزی بەرامبەر پەیام و پیرۆزییە ئایینییەکان زیاترە، بە بەراورد بە تەمەنی قوتابی بنەڕەتیی و زانکۆیی.
- هەلومەرجی سیاسیی و نەتەوەییگەلی کورد و ناوچەکە بێکاریگەریی نییە لە سەر دونیابینی خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی و زانکۆیی، بۆیە بە بەراورد بە خوێندکارانی بنەڕەتیی ڕێژەیەکی زۆرتر لە نوسینی تایبەت بەو بوارە دەبینرێت.
- بابەتەکانی تەنز و وەرزشیی و پەند و ئامۆژگاریی هەرچەند لە قۆناغی بنەڕەتییدا هیچ نموونەیەك تۆمارنەکراوە، بەڵام لە دوو قۆناغەکەی تریشدا ئامادەییەکی ئەوتۆین نییە.

**ئەنجام:**

1. بە سەرنجدانێکی گشتی، دەتوانین بڵێین، دیاردەی ڤاندالیزمی زمانیی لە لایەکەوە دەرەنجامی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە و جۆرێکە لە نەخۆشیی دەروونیی و لە لایەکی ترەوە هەڵگری هێما زمانییەکانە و وەك یەکێك لە بەکارهێنانە زمانییەکان، بەهای لێکۆڵینەوەی هەیە و لە ناسینی کەسەکان و پیشاندانی پەیوەندی نێوان زانستی زمانەوانیی و کۆمەڵناسیی و دەروناسیی یارمەتیدەرە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە ئاشنابوون و پەیبردن بە هەست و جیهانبینی و تێڕوانین و ویست و حەزەکانی تاك بە گشتیی و گەنجان بە تایبەتیی. و سەرەنجام ڕۆڵی هەیە لە بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی دروست لەگەڵیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
2. ئەنجامەکان ئەوە پیشاندەدەن لە نێوان هەستی بێزاریی و نەفرەت و کێشە کۆمەڵایەتیی و دەرونیی و ئابوورییەکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی لە لایەك و ڤاندالیزم لە لایەکی ترەوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ هەیە و خوێندکاران بە ئەنجامدانی کاری ڤاندالی لە هەوڵی شکڵگیریی شوناسێکی تایبەت بە خۆیانن.
3. لە زۆربەی نووسینی سەر دیوارەکاندا، ڕەچاوی بەها کۆمەڵایەتییەکان و کەلتور و یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان ناکرێت، بەمەش کاریگەرییان لە سەر کەلتور و شوناسی کوردەواریی هەیە.
4. زۆرێك لە دەربڕاو و هێما و ڕەمزەکانی سەردیوار لە ناوەندەکانی خوێندندا کۆپی و لاسایکردنەوەن و دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوەی گشتیی مرۆڤ بۆ ژینگە و دەوروبەر.
5. پاڵنەر و هۆکاری فرەڕەهەند (سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، دەروونیی، کولتووریی، ئەخلاقیی، سۆزداریی، ئایینی) لەپشت دیاردەی ڤاندالیزمەوە هەیە، هەیانە مەبەست لە نووسینی هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیە و هەشیانە بە مەبەستی ئامۆژگاریی و پەند دەنووسرێن و بەشێکیشیان جۆرێك لە نیگەرانیی و ناڕەزایەتیی دژ بە نالەباریی و نادادییەکان یاخود کەس و گروپێکی تایبەتە.
6. بەسەرنجدان لە نموونەکان ئەوە دەردەکەوێت کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیاوازییەکی واتایی بەرچاو لە نێوان تەمەنە جیاوازەکاندا هەیە. بەشێوەیەك لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن و ئاستی خوێندندا نیگەرانییە فکرییەکان دەگۆڕێت و جۆر و ناوەڕۆکی نووسینەکانیش گۆڕانی بەسەردادێت. لە سەر بنەمای ئەم گریمانەیە بەهۆی ئەوەی ئازادی زیاتر لە ئامادەیی و بە تایبەتی زانکۆدا هەیە، بۆیە بابەتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان و بابەتی دڵداریی و هاوسەرگیریی و تێڕوانینەکان بۆ ژیان و ئاڵنگارییەکانیان زیاتر بەرچاودەکەوێت .
7. ڤاندالیزمی گرافیتی بەتایبەت ئەو نووسینانەی کە تابوون و بە زمانێکی ناپەسەند و دوور لە دابونەریتەکان نووسراون، ژینگەی ناوەندەکانی خوێندنیان تێکداوە و کاریگەریان لە سەر پرۆسەی وانەوتنەوە و لایەنی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی مامۆستا و خوێندکاران هەیە، بەمەش زیان بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەگەیەنێت.

sjh@univsul.edu.iq

**پێشنیار:**

لە پێناو کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە، چەند پێشنیارێك دەخەینەڕوو:

1- یەکێک لە هۆکارەکانی نووسینی سەردیوار لە ناوەندەکانی خوێندن بێزاریی و ڕقە لە پرۆسەی خوێندن، بۆیە پێویستە زانکۆ و ناوەندەکانی تری خوێندن شێواز و ڕێگەی وانەوتنەی نوێ و گونجا پەیڕەوبکەن و لە ڕێگەیەوە ئارەزوو و حەز و چێژی خوێندن لەلای خوێندکار زیادبکەن.

2- لە قۆناغی بنەڕەتیی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئامۆژگارییەوە و لە قۆناغی ئامادەیی بە دانانی بابەتی ڤاندالیزمی زمانیی و زیانەکانی لە دووتوێی پرۆگرامەکانی خوێندن، وەکو لە بابەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان و لە قۆناغی زانکۆیی بە خستنەڕووی یاسا بەرکارە دادوەرییەکان هەوڵی کەمکردنەوەی دیاردەکە بدرێت.

3- مامۆستایانی زمان پێویستە لاوازییەکانی خوێندکاران لە بەکارهێنانی زماندا لە ڕێگەی چاودێریکردن و شیکردنەوەی نووسینەکانی گرافیتی لە قوتابخانەکانیاندا دەستنیشانبکەن.

4- سڕینەوە و بۆیەکردنی بەردەوامی ناوەندەکانی خوێندن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەم دیاردەیە، چونکە کاتێك خوێندکار سەرنج لە دیوارێك دەدات، کە پڕە لە نووسین بایەخ بە پاکڕاگرتنی نادات، بە پێچەوانەوە بەڵام کاتێك خوێندکار سەرنجی دەچێتەسەر دیوارێکی پاك خۆی دەپارێزێت لە نوسین و تێکدانی ئەو جێگایە.

5- یەکێك لە ناوەڕۆکە کاراکانی هەرسێ قۆناغ بوونی دیاردەی گزیکردن بوو، کە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ جۆری تاقیکردنەوەکان، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بە جۆری تاقیکردنەوەکاندا بکرێت و خوێندکار ناچار بە لەبەرکردنی بابەتەکە نەکرێت، بەڵکو پێویستە پرسیارەکان زیاتر شیکاریی بێت.

6- لە ڕێگەی توێژینەوە هەوڵبدرێت پاڵنەرە دەروونییەکانی پشت دیوارنووسین دەربخرێت و پێشنیاز بۆ کۆنترۆڵکردنی بخرێتەڕوو.

**سەرچاوەکان:**

**أ- بە زمانی کوردی:-**


1- ئەحمەد، ڕۆستەم محەمەد و حەمید، هێرش کەریم، ڕێکارەکانی فێرکردنی زمانی بیانی (کەلتور) بەنموونە، 2019، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

2- باتنی، محمدر ڕەزا، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، وەرگێڕانی هێرش کەریم. سلێمانی چاپخانەی گەنج.

3- سلیم، پەیمان حسن (2010)، پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، 2011.

4- سەعید، یوسف شەریف و ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان، پەیوەندی نێوان زمان و بیر لە چوارچێوەی تیۆری ڕێژەیی زمانی، 2017، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندە (20)، ژمارەیە (1).

5- فەرەج، شاخەوان جەلال، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 2011.

6- فەقێ ئەمین، هەوار عومەر، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، 2015.
7- محەمەد، پێشکەوت مەجید، خواستنی زمانیی لەزمانی کوردیدا (ژەهری زمانیی بەنموونە)، چاپخانەی نارێن، چاپی یەکەم، هەولێر، 2023.
8- محەمەد، پێشکەوت مەجید، ڕۆڵ و کاریگەری پێوەرکۆمەڵایەتییەکانی ئاخاوتن لەزمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ساڵی (11)، ژمارە(1)، 2024.

**ب- به زمانی فارسیی**

10- بهمن پور، هومن، امیرسرکاری ز بهرن سلاجقه جستاری پیرامون وندالیسم زیست محیطی در شهرها، ولین همایش شهروندی و مدیریت محلهای، 1389، تهران.
11- تحریریان، محمدحسن و مرادی مقدم، مصطفی، بررسی گرایشها و تحلیل بین فرهنگی دیوارنوشتههای: گفتمان خاموش، دوماهنامه جستارهای زبانی، 1393، شماره 3 (پیاپی 19)، ص 193-211.
12- بلالی، اسماعیل و جعفری، راهله و اغچه علی، بررسی وندالیسم گرفیتی در دانشگاه: تحلیل محتوای دیوارنوشتههای دانشگاه بوعلی سینا و ازاد همدان، 1392، فرهنگ در دانشگاه اسلامی8/ سال سوم، شماره سوم.
13- زندی، بهمن، بررسی دیوارنوشتههای شهر تهران از دیدگاه جامعهشناسی زبان، مطالعات و تحقیقات اجتماعی در ایران، 1393، دوره 3، شماره 2، ص 335-355.
14- رفیع پور، فرامرز، اناتومی جامعه، تهران، شرکت سهامی انتشار، چ دوم، 1380.
15- کوثری، مسعود، گرافیتی به منزله هنر اعتراضی، 1389، فصلنامه جامعهشناسی هنر و ادبیات.
16- محسنی تبریزی، علیرضا، مبانی نظری و تجربی وندایسم: مروری بر یافتههای یك تحقیق، 1379، نامهعلوم اجتماعی، شماره16، ص 193-227.
17- محسنی تبریزی، علیرضا، وندالیسم" مبانی روانشناسی اجتماعی، جامعهشناسی و روانشناسی رفتار وندالیستی در مباحث اسیب شناسی و کژرفتاری اجتماعی، 1383، چاپ اول، نشر ان.
18- میناباد، ملاحت شعبانی و علیمحمدی، شبنم، تحلیل محتوای نیمکت نوشتهها و دیوارنوشتههای مدارس متوسطه و دانشگاهای شهر اردبیل از دیدگاه زبانشناسی اجتماعی، 1389، فصلنامه زبانشناسی اجتماعی، دور دوم، شماره 3، ص 9-22.

**پ- به زمانی عەرەبیی:-**

19- أ.حماني حازم، الرسم والكتابة على طاولات الدراسة بين تأريخ الذاكرة والتفريغ النفسي، 2017، مجلة ابحاث تربوية ونفسية ،العدد (١٠)، ص٣٤٣،،٢٠١٧،جزائر.

20- بكداش، نادين، وآخرون، الجرافيتي في الثورات العربية: المصالحة مع الجدران، 2012، مجلة الدراسات الفلسطينية، ع(٨٩)، فلسطين.

21- الشهري، علي هشبول: ظاهرة كتابة الطلبة على الجدران(أسبابها، دوافعها، آثارها، طرق معالجتها)، 2003، مجلة كلية التربية، جامعة الملك سعود، الرياض.

22- هدسون، علم اللغة الأجتماعى، ترجمة د.محمود عبدالغى عياد، وزارة الثقافه و الأعلام، دار الشون الثقافية العامة، بغداد، 1987.

- **بە زمانی ئینگلیزیی:**

23- Cowan, Robert (2005), The dictionary of Urbanism. London; Streetwise press.

24- Goldstein, Arnold. p (1996), School-Oriented Interventions "Controling Vandalism. London; Reprinted with Permission of the Guilford Press

25- Chilvers, I. & Glaves-Smith, J. (2013): Graffiti art in: A dictionary of modern and contemporary art, 2nd edn, Oxford University Press

26- Nwoye, O. (1993). Social Issues on Walls: Graffiti in University Lavatories Discourse and Society, Vol. 4(4) 419 -442, New Delhi, India: Sage.

**الملخص**

الدراسة الموسومة بـ(التخريب اللغوي وأثره في الثقافة الكوردية) تسلط الدراسة الضوء على دور التخريب اللغوي كواحد من عوامل تغيير الثقافة الكوردية، ويشمل التخريب اللغوي/الرسوم جميع تلك الكتابات والرموز التي تحمل رسائل مختلفة، والتي يتم كتابتها على جدران الأماكن العامة والخاصة، إذ أنها تلحق الضرر بهذه الأماكن والبيئة من ناحية، ولا تخضع للقيم الإجتماعية وقواعد وقوانين الاجتماعية للغة من ناحية أخرى، حيث تترك أثرا في ثقافة جماعة معينة وتعرض العلاقات الإجتماعية للخطر. لعرض هذه الظاهرة اجريت الدراسة في المراكز التعليمية في اقليم كوردستان كنموذج للدراسة.

اعتمدت الدراسة المنهج (وصفى ـ التحليلي) وتم جمع مواد الدراسة من خلال العمل الميداني من قبل الباحثين. تتألف الدراسة من فصلين، الفصل الأول تعريف التخريب بشكل عام والتخريب اللغوي/الرسوم بشكل خاص، كذلك عرض العلاقة بين التخريب اللغوي والثقافة. أما الفصل الثاني، فهو الفصل التطبيقي للدراسة، تم تحديد ثلاثة أعمار ومراحل مختلفة من التعليم، مرحلة (أساسية، إعدادية، جامعة) وتسجيل (٦٧٠) كتابات مختلفة مكتوبة على الجدران، ومن خلال هذه الكتابات تم تحديد المواضيع والأنواع والدوافع التي تكمن وراء كتابتها، ثم عرض نسبة استعمال المواضيع المختلفة حسب الأعمار والمراحل المختلفة للطلبة.

**Abstract**

Linguistic vandalism sheds light on the role of linguistic vandalism as one of the main reasons to bring a radical change in Kurdish cultural. Linguistic or graffiti vandalism encompasses all those writings, signs and symbols which convey numerous distinctive messages. They are written on the walls of public and private places which have negative implications on two dimensions whether degrading the beautifying of the places and destroying their environments and on the other hand devaluing the norms of sociolinguistics of language and language constitutions. Consequently, they have an implication on a certain community and jeopardize social relationships. Samples have been taken from academic settings in the Kurdistan Region to demonstrate this phenomenon. Analytical and descriptive techniques were employed as a research method and the data collection was fulfilled through work-field by the researchers. The study consists of two parts. First, it provides general framework of vandalism and identifying Linguistic or graffiti vandalism in detail. It also encounters the relationship between linguistic vandalism and culture. Second part includes research methodology and discussions of the study. This study restricted to consider three different ages in the educational settings namely: primary ،high school and university and 670 graffities have been taken based on topics types, styles and motives of graffiti to investigate them. Finally, the rate of their usages in different subjects according to the ages and stages of the learners have been exposed.

sjh@univsul.edu.iq